٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " سەرکاری ناپاك وفێڵباز " وە نمونەی داناو گێل " .

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ئیشایا ٥٥، ٥٨، ٥٩ ، ٦١ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن : وشەکانی خودا : زەبور ١١٩: ١٠٥ . ڕۆژانە پێداچونەوە بکە بۆ دواین ئەو پێنج ئایەتەی لەبەرت کردوە .

٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما 11: 1- 36. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .

٦- نوێژ . نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).

٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

وانەی (٣٨)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ئیشایا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (ئیشایا ٥٥، ٥٨ ، ٥٩ ، ٦١) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) " وشەکانی خودا " زەبور ١١٩: ١٠٥

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، " وشەکانی خودا " زەبور ١١٩: ١٠٥ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ١١: ١- ٣٦

پێشەکی : بەشی نوێمم لە نامەی ڕۆما فێر دەکات کە خودا مەبەستی نیە تەنها یەك تاك لە گەلی ئیسرائیلی سروشتی ڕزگار بکات ڕۆما ٩: ٦ ؛ بڕوانە دواوتار ٧: ٦- ١٠ . ئەو مەبەستیەتی هەمیشە هەموو ئەوانە ڕزگار بکات کە هەڵی بژاردوون بە خواستی خۆی و بەپێی بانگهێشتەکەی . ئەوانەی دێن بۆ لای بە باوەڕ ڕۆما ٩: ١١ ؛ بڕوانە کردار ١٣: ٤٨ ؛ ٢تیمۆساوس ١: ٩- ١٠ .

وه بەشی دەیەم لە نامەی ڕۆما هۆکاری دۆڕان وشکستی گەلی ئیسرائیل باس دەکات وەکو گەل ، چونکە بەشێوەیەکی گشتی جولەکە هەوڵیان دەدا بە کارکردن بەشەریعەت ڕزگاریان بێت لە بری ئەوەی هەوڵ بدەن بە باوەڕ بە مەسیا عیسای مەسیح ئەو ڕزگاریە بەدەست بهێنن .

وە بەشی یازدەهەم لە نامەی ڕۆما خواستی تاهەتایی خودا باس دەکات لەبارەی ڕزگاریی گەلی ئیسرائیل و نەتەوەکان هەروەها !

هەنگاوی ١ : بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ١١ : ١- ٣٦ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢ : ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما ١١ : ١- ٢٤

ئاشکراکردنی ١: لە پلانی خودا بۆ ڕزگاریی ، بەدەنگەوەچونێکی جوان هەبوو لەنێوان گەلی ئیسرائیل و نەتەوەکان (ناجولەکەکان) .

أ. ڕۆما ١١: ١- ١٠ پێناسەی ئەو وێنە ناتەواوەی ئێستا دەکات لە بارەی دۆخی گەلی ئیسرائیلەوە .

وێنەی ناتەواوی گەلی ئیسرائیل ئەو وێنەیە لە سەردەمی پۆڵسی نێردراو کە گەلێکی یاخی بوون و ملکەچ نەبوون و دڵڕەق بوون .

خودا گەلی خۆی ڕەت نەکردەوە ، پۆڵس دەڵێت خودا هەرگیز گەلی خۆی ڕەت نەکردۆتەوە وشەی گەل ئاماژەکردنە بۆ گەلی ئیسرائیل ئەوانەی باوەڕیان بە خوداو مەسیحەکەی کرد . وە یەکێك لەو بەڵگانەی کە خودا گەلی خۆی ڕەت نەکردەوە ئەوەیە کە پۆڵس بۆ خۆی ئیسرائیلیە ، هەروەها یەکێکی تر لە بەڵگەکان ئەوەیە هەمیشە خودا لە مێژووی گەلی ئیسرائیلدا کۆمەڵێکی لە نێو ئەو گەلەدا هەبوە کە چۆکیان دانەداوە بۆ بت و بە سەرڕاستی ماونەتەوە لەگەڵ خوداوەند بڕوانە ١١: ١- ٤ .

ئەوانی دی لەهەر نەوەیەکدا لە مێژووی گەلی ئیسرائیل خودا بە نیعمەتی خۆی هەڵیبژاردوون ڕۆما ١١: ٥- ٦ وە لە ئایندەدا خودا بایەخ دەدات بە گەلی ئیسرائیل و نەتەوەکانیش هەروەها ، وە لە کۆتایی مێژوودا لەم سەردەمەی ئێستادا پلانی خودا پڕوتەواو دەبێت بۆ ڕزگاریی .

هیوایەکی زۆر مەزن هەیە بۆ ڕزگاریی جولەکە بەهەمان شێوەی ڕزگاریی نەتەوەکان ، لەماوەی نوسینەوەی پەیمانی نوێ زۆرێك لە جولەکەکان باوەڕیان هێنا بە عیسای مەسیح (کردار ٢: ٤١ ، ٤٧ ؛ ٤: ٤ ؛ ٥: ١٤ ؛ ٦: ١، ٧ ؛ ٩: ٣١، ٣٥ ، ٤٢؛ ١٤: ١؛ ١٧: ١٢ بڕوانە ڕۆما ١: ١٦ ؛ ٣: ٣٠ ؛ ٤: ١٢؛ ٥: ١٨- ١٩ ؛ ٧: ٤ ؛ ٩: ٦، ٢٤، ٢٧ ، ٢٩ ؛ ١٠: ١ ، ١١- ١٣ ، ١٦ وە لە هەموو سەدەیەکی درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی کۆمەڵێك لە جولەکە ڕزگاریان بوە لە گەلی ئیسرائیلی سروشتی ڕۆما ٩: ٢٧ .

خودا هەموو گەلی ئیسرائیلی هەڵنەبژاردوە بۆ خۆی : شتێکی دیکەش هەیە بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی زۆرێك لە جولەکە دڵیان ڕەق کردوە بەرامبەر بە خوداو پەیامەکەی . بۆیە خودا دڵڕەقی کردن ڕۆما ١١: ٧- ١٠ ! ئەمەش ڕوویدا لە ڕۆژگاری موسادا دواوتار ٢٩: ٢- ٤ وە لە ڕۆژگاری ئیشایای پێغەمبەر ئیشایا ٦: ٩- ١٠ وە لە ڕۆژگاری عیسای مەسیح یۆحەنا ١: ١١؛ ٥: ٣٩- ٤٠ . وە لە ڕۆژگاری ئیستیفانۆس کردار ٧: ٥١- ٥٣ ، ئیدی ئەمە بەردەوام بوو تا سەردەمی پۆڵسی نێردراو کاتێ زۆرێك لە جولەکە عیسای مەسیح و ڕاستودروستیەکەیان ڕەتکردەوە ڕۆما ١١: ٨ وە هەردوو ئایەتی ٩- ١٠ جەخت دەکاتەوە لەسەر سزای ئەوانە کە دڵیان ڕەق کردوە بەرامبەر بە خوداو پەیامەکەی .

ئاسان نیە تێبگەی لە دڵڕەقی ئەوانە . لەلایەکەوە خودا هەندێك لەو کەسە دیاریکراوانەی دڵڕەق کردوەو بێبەشی کردوون لە نیعمەتەکەی ڕۆما ٩: ١٨ وە لەلایەکی ترەوە واتە دڵڕەقیەکەیان لە کاتێکدایە کە سزای دڵڕەقیان دەدرێت بەهۆی بێباوەڕیان و ملکەچ نەبوونیان بڕوانە ڕۆما ١: ١٨ ، ٢٥ ، ٢٨ . ئیدی زۆرێك لە جولەکە دڵڕەق بوون نەك تەنها لە ماوەی پەیمانی کۆن کە گوێیان لە پێغەمبەرانی خودا نەدەگرت عیبرانیەکان ٣: ٧- ١١ ؛ مەتا ٢١: ٣٤- ٣٦ ، بەڵکو لە ماوەی نوسینەوەی پەیمانی نوێشدا هەروەها گوێیان لە عیسای مەسیح و پەیامی ئینجیل نەدەگرت مەتا ١٢: ٢، ٧ ، ١٠ ، ١٤ ، ٢٤؛ ١٣: ١١- ١٥ ؛ کردار ٧: ٥١ . ئیدی بەم شێوەیە لە بری ئەوەی ئەوانە بە نیعمەتی خوداو بە باوەڕ بە عیسای مەسیح و ئینجیلەکەی بێتاوان وڕاستودروست بن ، هەوڵیان دەدا بە کارکردن بە شەریعەت خۆیان ڕاستودروست و بێتاوان بکەن ڕۆما ٩: ٣٠- ٣٣ .

ب. ڕۆما ١١: ١١- ١٥ پێناسەی ئەوە دەکات کە ڕوویدا لە نێوان جولەکەو نەتەوەکان .

ڕەتکردنەوەیەکی کاتیی نەبوو بەڵکو بەش بەش : کەوتنی گەلی ئیسرائیل لەماوەی هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح کەوتنێك نەبوو هەڵنەستنەوەو

چاک نەبنەوە ڕۆما ١١: ١١ . ئەم وشەیەش بەو واتایە نیە کە کەوتنی گەلی ئیسرائیل کاتیی بوو ، وە لە ئایندەدا جارێکی تر خودا گەلی ئیسرائیل هەڵدەستێنێتەوە ، بەڵکو واتای ئەوەیە کەوتنی گەلی ئیسرائیل کەوتنێکی بەش بەش بوو واتە پڕوتەواو نەبوو بەشێوەیەك هیچ چاکسازیەکی تێدا نەکرێ و هەڵنەستنەوە .

چوارچێوەی پێشوو جارەسەری ئەمەمان بۆ دەکات ڕۆما ١١: ١- ١٠ بابەتی هەڵبژاردنی هەندێک لە گەلی ئیسرائیل و دڵڕەقی ئەوانی تر ، ئیدی بەم شێوەیە دەقەکە باسی ڕەتکردنەوەی کاتیی ناکات ، ڕۆما ١١: ١٧- ٢٤ .

بەرواردکاری لە نێوان ڕەتکردنەوەی بەش بەش و پێشوازیکردنی بەش بەش : ئایەتی ١٢ و١٥ لە یۆنانیدا ئاماژە ناکات بۆ کردارێك لە سەردەمێك لە سەردەمەکانی ئێستا یان ئایندەدا بەڵکو بۆ ئەمڕۆ و هەر ئێستا ڕۆما ١١: ١٧- ٢٤ هەروەها بڕوانە ڕۆما ١١: ١٢ ئاماژە دەکات بە ڕزگاریی گەلی ئیسرائیلی سروشتی وە ڕۆما ١١: ٢٥ وە ڕۆما ١١: ٢٥- ٢٦ بەڕوونی ئاماژە دەکات بۆ ژمارەی تەواو و کۆتایی ڕزگارکراوان لە هەموو نەتەوەکان لە هەمان کاتدا .

باوەڕهێنانی نەتەوەکان دەبێتە مایەی ئیرە بردنی جولەکەکان : لە خزمەتی پۆڵسدا کە نێردراو بوو بۆ نەتەوەکان وە تا کاتی نوسینەوەی نامەی ڕۆما زۆرێك لە تواناکانی بەکار دەهێنا لە خزمەتی نەتەوەکاندا لە پێناوی وروژاندنی هەستی جولەکە (گەلی سروشتی جولەکە) تاوەکو هەندێکیان ڕزگار بکات ڕۆما ١١: ١٣ بڕوانە ١کۆرنسۆس ٩: ١٩- ٢٢ وە بە درێژایی مێژوو لە هاتنی یەکەمی عیسای مەسیحەوە تا هاتنەوەی دووەمی گەر جولەکە بێباوەڕ نەبێت و بەردەوام نەبێت لە بێباوەڕیی ئەوا ڕزگاریان دەبێت ڕۆما ١١: ٢٣ ، هەروەها بڕوانە ڕۆما ١١: ٣٠- ٣١ .

پلانی جوانی خودا بۆ ڕزگاریی ئەوەیە هەموان ڕزگاریان بێت ، جولەکەو ناجولەکە بڕوانە ڕۆما ١١: ١٥ هەروەها بڕوانە کردار ١٣: ٤٤- ٤٨ ؛ ١٨: ٦ ؛ ٢٨: ٢٣- ٢٨ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١١- ٢٢ ؛ ڕۆما ١١:

١٣- ١٤ ؛ ڕۆما ١١: ٣١ ؛ حەزقیال ٣٦: ٢٥- ٢٧ ؛ ٣٧: ١٤ ؛ لۆقا ١٥: ٢٤، ٣٢ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١ ، ٥ ؛ ٥: ١٤ ئیدی بەم شێوەیە جولەکە بەبێ ڕزگاریی نەتەوەکان ڕزگاریی بەدەست ناهێنێ !

ج. ڕۆما ١١: ١٦- ٢٤ پێناسەی ئەو شیوازە دەکات کە خودا بە دەسەڵاتی خۆی پلانی ڕزگاریی داناوە .

بڕوانە ئایەتی ١٣ پۆڵس بیرۆکەیەك ئاراستەی ئەو باوەڕدارانە دەکات کە سەر بە نەتەوەکانن ١١: ١٣ بەپێی بەڵێنی خودا بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب ، کە فەرموی من دەبمە خودای خۆیان ونەوەکانیان و ئەوانیش دەبنە گەلی من بۆ تاهەتایە . بۆیە دڵڕەقی بەش بەشی گەلی ئیسرائیل بەپێی سەردەمەکانی مێژوو هیچ کاریگەریەکی نیە لەسەر پلانی خوداو هەروەها ناتوانێ پلانی خودا بۆ ڕزگاریی پەك بخات یان ئەو بەڵێنەی کە خودا دوایەتی بە گەلی ئیسرائیل پەک بخات واتە باوکانی باوەڕدار ئەوانەی باوەڕیان هێنا لە نێو گەلی ئیسرائیلی سروشتیدا .

نۆبەرە و پیرۆزی : پیرۆز وا دەکات هەموو ئەوانەی گرێدراون بەخۆیەوە پیرۆز بن بڕوانە ڕۆما ٥: ١٧- ١٩ . وەرگێڕانی ڕۆما ١١: ١٦ ئەگەر بەشی یەکەمی هەویر پیرۆز بێت ئەوا هەموو هەویرەکە پیرۆزە ئەگەر ڕەگ پیرۆز بێت ئەوا هەموو لقەکانیش پیرۆزن ڕۆما ١١: ١٦ شرۆڤەی هەمان دوو وێنەی ڕاستەقینە دەکات . گەلی ئیسرائیل نۆبەرەی دانەوێڵەکانیان بەکار دەهێنا بۆ هەویر و نانیان لێ دروست دەکرد و پێشکەشی خودایان دەکرد سەرزمێری ١٥: ١٧- ٢١ .

ڕەچەڵەک یان ڕەگ وەکو پیرۆزی . هەموو لقەکان پێکەوە بەشدارن لە ژیانی دارەکەدا . دار زەیتونی باش کە بەروبوم دەدات وێنەیەکە بۆ گەلی خودا لە پەیمانی کۆن ڕۆما ١١: ٢٤ ؛ یەرمیا ١١: ١٦- ١٧ ئیدی لقەکان وێنەیەکن بۆ باوەڕدارانی مەسیح لە نێو گەلی ئیسرائیل ، ڕەگ یان ڕەچەڵەکی دارەکە وێنەیەکە بۆ باوکان کە خودا کاری کردوە لە نێوانیانداو بەڵێنی پێداون ڕۆما ١١: ٢٨ وە بەرزترین وێنەو شێوەی ئەم دارە وێنەیەکە بۆ عیسای مەسیح بینین ٢٢: ١٦ کە تۆو و ڕەگی ئەم

بەڵێنەیە گەڵاتیە ٣: ١٦ ؛ عیبرانیەکان ٧: ٢٢ ؛ عیبرانیەکان ٨: ٦ ؛ ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ ؛ ١کۆرنسۆس ١٢: ١٢- ١٣ ؛ ئەفسۆس ١: ١٣ ؛ ٢: ١١- ٢٢ ؛ ڕۆما١٠: ١٢- ١٣ ؛ گەڵاتیە ٣: ٢٨ ؛ ئەفسۆس ٢: ١٤- ١٨ ؛ ٣: ٢- ٦ ؛ کۆلۆسی ٣: ١١- ١٢ وە جولەکەو ناجولەکە ئەوانەی باوەڕ ناهێنن بە عیسای مەسیح یان دوور دەکەونەوە لە باوەڕ لەگەلی پەیمانی دەردەکرێنە دەرەوە بڕوانە مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ ٢١: ٤٢- ٤٤ .

لەماوەی پەیمانی کۆندا زۆربەی باوەڕداران لە گەلی ئیسرائیل پێکهاتبوون لە جولەکە بەشێوەی سروشتی وەکو گەل ، بەڵام لە ماوەی پەیمانی نوێدا گەلی خودا پێکهاتوە لە باوەڕداران لە هەموو نەتەوەکان ، لەماوەی پەیمانی نوێدا گەلی خودا بە شانشینی خودا و جەستەی مەسیح (یەك کڵێسا) ناودەبرێ .

نەرمونیانی و توندی خودا : هەموو ئەو جولەکانەی گەلی ئیسرائیل ئەگەر داواکاری و مەرجەکانی پەیمانی خودا پەیڕەونەکەن وکاری پێنەکەن کە بریتیە لە متمانەو ملکەچی (باوەڕهێنان بە عیسای مەسیح) ڕزگاریان نابێت نە ئێستاو نە لەکۆتاییدا ئەمەش توندی خودایە . وە هەموو ئەوانەی بەردەوام نابن لە بێباوەڕی وياخی بوون بەدڵنیاییەوە ڕزگاریان دەبێت بۆ تاهەتایە ئەمەش نەرمونیانی خودایە .بۆ توندی و نەرمونیانی خودا بڕوانە یەرمیا ١٨: ٥- ١٢ ؛ ڕۆما ١: ١٦ ؛ مەتا ١٠: ٥- ٦ ؛ مەتا ٢٨: ١٩ .

ڕۆما ١١: ٢٥- ٣٢

ئاشکراکردنی ٢ : بەپێی پلانی خودا بۆ ڕزگاریی ، ژمارەی تەواویی جولەکەو ناجولەکە پڕوتەواو دەبێت لە ڕزگاربونیان .

أ. نهێنی ئەوەی کە باوەڕدارانی نەتەوەکان یەکسان دەبن لە میراتدا لەگەڵ باوەڕدارانی جولەکە .

ڕۆما ١١: ٢٥- ٣٢ شرۆڤەی پەیوەندی دەکات لە نێوان پڕی وتەواویی ژمارەی نەتەوەو جولەکەدا بڕوانە ئەفەسۆس ٣: ٢- ٦ ئەوەی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن نەیاندەزانی خودا ڕایگەیاند بۆ نێردراوانی لە پەیمانی نوێدا ، بڕوانە کردار ١٠: ٢٤- ٢٥ ؛ ئەفەسۆس ٢:٣- ٦ ؛ ٢کۆرنسۆس ١: ٢٠ ؛ یۆحەنا ١٠: ١٦ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٤- ١٨ ؛ ٢کۆرنسۆس ٦: ١٦ ؛ گەڵاتیە ٦: ١٦ ؛ ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ .

ب. نهێنی ئەوەی کە ژمارەی جولەکە باوەڕدارەکان یەکسان دەبێت بە ژمارەی تەواوی باوەڕدارە ناجولەکەکان .

پۆڵسی نێردراو لە ڕۆما ١١: ٢٥- ٢٦ بەشێوەیەکی تایبەت پێداگری دەکات لەسەر ئەم نهێنیە کە ژمارەی باوەڕداری جولەکەو ناجولەکە لەیەك کاتدا ولەکۆتایی مێژوودا پڕوتەواو دەبێت .هەروەها بڕوانە ڕۆما ١١: ١٢ ؛ ڕۆما ٢١: ٣ ڕۆما ٩: ٦ ڕۆما ١١ باوەڕدارانی مەسیحی لە نەوەی ئیسرائیلی ڕاستەقینە ئەوانەی خودا ڕەتی نەکردنەوە !

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . ڕونکردنەوە

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ١١: ١- ٣٦ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی

گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 11: 26

<u>پرسیاری</u> ١ : <u>دەستەواژەی (هەموو ئیسرائیل) واتای چیە ؟</u>

تێبینیەکان .

أ. پەیوەندی نێوان ئایەتەکانی ٢٥ و ٢٦ .

" ڕزگاریی هەموو ئیسرائیل " خۆی لە خۆیدا نەێنی نیە بەڵکو دەرئەنجامی نەێنیەکەیە ، نەێنیەکە ئەوەیە کە ڕاگەینراوە لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان بەشێکی گەلی ئیسرائیل و ڕزگاریی ژمارەی تەواویی نەتەوەکان و ئەو شێوازەیە کە ڕزگاریەکەی تێدا بەدی دێت لە " هەموو ئیسرائیل " ژمارەی تەواوی ئیسرائیل .

ب. ناکرێ دەستەواژەی " هەموو ئیسرائیل " بەو واتایە بێت کە هەموو جولەکەکانی گەلی ئیسرائیل بگرێتەوە بە درێژایی سەدەکان .

ئەگەر ئەم دەستەواژەیە بەو واتایە بوایە ئیدی هەموو جولەکەیەکی سەر زەوی ڕزگاری دەبوو بەبێ جیاوازی ، بۆیە لەمبارەیەوە پەیمانی کۆن ونوێ سەرکۆنەی بێباوەڕان و ئەوانەی ملکەچ نین لە گەلی ئیسرائیل دەکات و ڕایدەگەیەنێ کە ئەوانە حوکم دەدرێن بە سزای دۆزەخ تاهەتایە بڕوانە دانیال ١٢: ٢ ؛ مەتا ٨: ١٢ ؛ ڕۆما ٩: ٢٧ ، بۆیە پۆڵس بیرۆکەی ڕزگاریی هەموو جولەکە بە دوور دەزانێ .

ج. وە ناکرێ دەستەواژەی هەموو ئیسرائیل ، هەموو گەلی ئیسرائیل لە خۆبگرێ لە ڕۆژگاریی کۆتاییدا .

ناکرێ ئەم دەستەواژەیە کورت بکرێتەوە لە ژمارەیەکی زۆری جولەکەدا ئەوانەی زیندوون لە کۆتایی زەمانەدا چونکە جیاوازی دەکات و

ملیۆنەهای زۆری جولەکە دووردەخاتەوە ئەوانەی لەپێش کۆتایی زەمانەدا دەژین ، ئەمە دەڕوانێتە باوەڕدارانی جولەکە ئەوانەی پێش کۆتایی زەمانە دەژین وەك ئەوەی سەر بە گەلی ئیسرائیل نەبن ، ئەگەر تەنها بەشێک لە گەلی ئیسرائیل بەدرێژایی مێژوو ڕزگاریان ببێت لە کۆتایی زەمانەدا ئیتر چۆن دەکرێ بوترێ هەموو ئیسرائیل ڕزگاریان دەبێت ؟

د. دەستەواژەی هەموو ئیسرائیل ئاماژە ناکات بۆ گەلی ئیسرائیلی سروشتی یان ئیسرائیل وەکو نەتەوە .

ڕۆما ٩: ٦ فێرمان دەکات کە هەموو نەوەی ئیسرائیل ئیسرائیلی نین یان هەر کەسێک سەر بە گەلی ئیسرائیل بوو ئیدی ئیسرائیلی ڕاستەقینە نیە ، وە لە بەشی نوێیەم لە نامەی ڕۆمادا پۆڵس ئاڵنگاریی چەمکی نەتەوەیی ئیسرائیلی دەکات . ئیدی هەر کەسێک جولەکە بێت ، نابێتە ئیسرائیلی ڕاستەقینە یان ڕۆڵەی ڕاستەقینەی خودا ، بە هۆی زاوزێ و ڕەگەزونەژاد یان نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە ڕۆما ٢: ٢٨- ٢٩ بەڵکو تەنها لەڕێگەی بەڵێنی خوداو هەڵبژاردنەکەی و بانگەوازەکەی و خۆشەویستیەکەی و بەزەییەکەی ڕۆما ٩: ٦- ١٨ ؛ یۆحەنا ٣: ٣- ٨ ؛ ٦: ٤٤ .

هـ . دەستەواژەی هەموو ئیسرائیل واتە هەموو ژمارەی جولەکە هەڵبژێردراوەکان لە سەردەمی پەیمانی کۆن و نوێ .

ئەم بەشە ئاماژە دەکات بە کۆمەڵێك لە سەرڕاستەکانی نێو گەلی ئیسرائیل (١پاشایان ١٩: ١٨ ؛ ئیشایا ١: ٩ ؛ ٢: ٤ وە مێگەلی بچووك ئەوەی لە قوتابیەکانی عیسا پێکهاتوون (لۆقا ١٢: ٣٢) ، وە ئەوانەی ناودەبرێن بە زۆرینەی ئیسرائیل بڕوانە لۆقا ٢: ٣٤ ؛ کردار ٢: ٤١ ، ٤٧ ؛ ٤: ٤ ؛ ٦: ٧ ؛ ٩: ٣١) وە ئەوانی تر لە سەردەمی پۆڵس ڕۆما ١١: ٥ ، وە سەرڕاستەکانی تر کە لە سەردەمەکانی سە زەویدا ناسراون ڕۆما ١١: ٢٣ ؛ بینین ٧: ٩ ، باسی ژمارەیەکی زۆر دەکات کە ناژمێردرێن بە دڵنیاییەوە ئەمانە زۆرێك لە جولەکە دەگرێتە خۆ کە باوەڕ دەهێنن بە عیسای مەسیح .

ڕۆما ١١: ٢٦

پرسیاری ٢: کەی هەموو ئیسرائیل ڕزگاری دەبێت ؟

تێبینیەکان .

أ. لێرەدا کە باس لە تۆندی دەکات مەبەست لە تۆندی کاتیی و لەبارەی ڕزگاریی هەموو جولەکە نیە لە داهاتودا .

پۆڵس لە ئایەتەکانی ٢٥ و ٢٦ ناڵێت ئیسرائیل لە تۆندی و دڵڕەقیەکەی کاتیی ئەزموندار بوون تاکو نەتەوەکان ژمارەیان تەواو بێت و پاشان هەموو جولەکە ڕزگاریان بێت . هەروەها ئاماژە ناکات بە ئایندە دوای ئەوەی باوەڕدارانی نەتەوەکان دێنە نێو شانشینی خوداوە ئیدی ماوەیەکی کاتیی و جیاکەرەوە هەبێت لەو زەمەنەدا تیایدا گەلی ئیسرائیل تۆبەی تێدا بکەن . چونکە هیچ جێیەك نیە لە کتێبی پیرۆزدا ئاماژە بۆ ئەوە بکات ، مەتا ١٣: ٣٧- ٤٣ ؛ ٢٤: ٢١- ٣١ ؛ ٢٥: ٣١- ٣٣ ؛ ٢پەترۆس ٣: ٧- ١٣ ؛ بینین ٢٠: ١١- ١٥ ! .

ب. واتای دڵڕەقی و تۆندیەکی بەش بەشە ، ئەمەش ئەو شێوازەیە کە هەموو ئیسرائیلی پێ ڕزگار دەبێت .

ئەو وشە یۆنانیەی بەکار هاتوە لەبارەی دڵڕەقی و تۆندی بەش بەش مەبەستی نیە لە دڵڕەقی وتۆندیەك تا کاتێکی تر ، وە وشەی یۆنانی وەرگێڕدراو واتە ئەو شێوازە نەك کاتێکی تر . ئایەتەکانی ٢٥ و ٢٦ .

ج. تۆبەکردن و باوەڕهێنانی ئیسرائیل بە درێژایی مێژوو .

پۆڵس مەبەستی نەبوو لە ئایەتەکانی ١١- ١٤ تۆبەکردن و گەڕانەوەی ئیسرائیل بۆ لای خوداوەند لە کۆتایی زەمانەدا بەڵکو تۆبەکردن و گەڕانەوەی ئیسرائیل بە درێژایی مێژوو . ڕۆما ١١: ٣٠- ٣١ ؛ ڕۆما ١٠: ١٤- ١٧ ؛ ڕۆما ١٠؛ ١٢- ١٣ ؛ پەیدابوون ١٢: ٣ ؛ ئیشایا ٥٦: ٣- ٨ ؛ ڕۆما ١: ١٦ ؛ ١١: ٢٣ ؛ ڕۆما ٢: ٩ ؛ مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ ٢١: ٤٢- ٤٤ ؛ ڕۆما ١١: ١٧- ٢٤ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٤- ١٨ ؛ ئەفەسۆس ٣: ٦ ؛ ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ .

ڕۆما ١١: ٢٦- ٢٧

پرسیاری ٣: چۆن دەبێت لە پێشبینیەکانی هاتوو لە ڕۆما ١١: ٢٦- ٢٧ بڕوانرێت ؟

تێبینیەکان .

أ. پێشبینیەکان .

ئەم پێشبینیانە ئاماژە دەکات بە ئەوانەی لە پەیمانی کۆنەوە وەرگیراون بۆ ڕزگاریی گەلی ئیسرائیل ، ئیدی ئەرکی ڕزگارکار لابردنی گوناهەیە لەسەر گەلی ئیسرائیل ، پۆڵس لە ڕۆما ١١: ٦ وەرگیرانێك ناهێنێتەوە بە دیاریکراوی کە ئایەتێکی پەیمانی کۆندا بەڵام پوختەیەك پێشکەش دەکات لە چەند بەشێک وئایەتێکی لە پەیمانی کۆن .

ئیدی مەسیا دێت کە خۆبەخت کەرە لە هاتنی یەکەمیدا لە زایۆنەوە واتە لە یەهودا ؛ میخا ٥: ٢ ؛ مەتا ٢: ٦ ، دەقی عیبری بۆ ئیشایا ٥٩: ٢٠ ؛ بڕوانە مەتا ١٠: ٥- ٨ دەشێ بوترێ دێت لە پێناوی یان بەهۆی زایۆنەوە و گوناهە لادەبات واتە دەریدەکات و دووری دەخاتەوە لە یاقوب ، دەقی یۆنانی حەفتایی بۆ ئیشایا ٥٩ : ٢٠ وە پەیمانێك لەگەڵیان دەبەستێت " ئەمە پەیمانەکەمە لەگەڵیان" ئیشایا ٥٩: ٢١ .

ب. بەدیهاتنی ئەم پێشبینیانە .

ئەوەی پێشبینی کرا لە بەشەکانی پەیمانی کۆن هەموی هاتە دی لە هاتنی یەکەمی خوداوەندمان عیسای مەسیح چونکە لە بەیت لەحم لەدایک بوو ، وە لە نەوەی ئیسرائیل بوو مەتا ٢: ٦ ؛ یۆحەنا ٤: ٢٢ . وە هات بۆ مەڕە ونبوەکانی ئیسرائیل بەڵام پێشوازیان لێنەکرد و ڕەتیان کردەوە مەتا ١٥: ٢٤ ؛ یۆحەنا ١: ١١ . هات لە پێناوی ئیسرائیل تاوەکو ڕزگاریان بکات لە گوناهەکانیان مەتا ١: ٢١ ؛ ١٠: ٦ ؛ لۆقا ١٩: ١٠ ؛ گەڵاتیە ٤: ٤- ٥ ، وە ئەم پەیمانەی لەگەڵ ئیسرائیل بەست یەرمیا ٣١: ٣١- ٣٤ ؛ مەتا ٢٦: ٢٨ ؛ عیبرانیەکان ٨: ٦- ١٣ .

ئەم پێشبینیانە دەریدەخات کە ڕزگاریی ئیسرائیل و دەربازکردنیان ڕزگاریی نەبوە لە دوژمنی سەر زەویان وەکو دژی مەسیح و سوپاکەی کە

ناویان هاتوه له بینین ١٩: ١٩ ، بەڵام له خراپەکانیان وتاوان وگوناهەکانیان ! بڕوانە ١ساڵۆنیکی ٤: ١٦ ؛ بینین ١٩: ١١ ؛ ڕۆما ٤: ١ـ ٨ ؛ ٩: ٢٥ـ ١٠: ٨ ؛ ١٠: ١٦ـ ١٨ ؛ ڕۆما ١٠: ٩ـ ١٥ ؛ ڕۆما ١١: ٢٣، ٢٦ـ ٢٧ لێرەدا دەتوانین بڵێین هیچ شێواز و ڕێگەیەك نیە بۆ ڕزگاریی جولەکە جگە لە باوەڕهێنان بە ڕزگارکار و خوداوەند عیسای مەسیح !

ڕۆما ١١: ٢٨

پرسیاری ٤ : چۆن دەکرێ بڕوانرێتە گەلی ئیسرائیل وەکو دوژمن و خۆشەویست ؟

تێبینیەکان .

ئەو خەڵکەی ژمارەی ئیسرائیل تەواو دەکەن تێکەڵن لە دوژمن وخۆشەویست ئایەتەکە لە ڕۆما ١١: ٣٠ـ ٣١ دەریدەخات کە پۆڵس لێرەدا باسی گەلی سروشتی ئیسرائیل ناکات وەکو نەتەوە بەڵکو وەکو هەموو گەلی ئیسرائیل ئەوانەی ئێستا ئیسرائیل پێکدەهێنن واتە باسی هەموو ئەو جولەکانە دەکات کە باوەڕ دەهێنن بە عیسای مەسیح . دوژمن و خۆشەویست یان دۆست هەمویان یەك گەلن وەك چۆن بە درێژایی مێژوو ئەم شێوازە ڕویداوە ، ئەوان وەکو جولەکە لە سەرەتاوە دوژمنی مەسیح و ئینجیلەکەی بوون بەڵام ئێستا باوەڕدارن و مەسیحین بەهۆی بەزەیی خودا کە دەریخست وپێشکەشی کرد بۆ نەتەوەکان ، ئیدی بەم شێوەیە هەموو ئەوانەی لە ڕابردوو دوژمن بوون ئێستا بوونە دۆست و خۆشەویست ، بڕوانە ڕۆما ٨: ٣٩ ؛ پەیدابوون ٢٢: ١٧ـ ١٨ بەراوردکاری بکە لە نێوان ژیانی پۆڵس لە پێش باوەڕی (کردار ٢٦: ٩ـ ١١) وە ژیانی لە دوای باوەڕی (کردار ٢٦: ١٩ـ ٢٣) .

ڕۆما ١١: ٢٩

پرسیاری ٥ : چۆن دەبێت بڕوانرێتە دیاری خوداو بانگەوازەکەی کە هیچ گۆڕانێکی تێدا نیە و پاشگەزبوونەوەی نیە ؟

تێبینیەکان .

ئەو وشانەی کە " خودا لە دیاری و بانگەوازەکەی پاشگەز نابێتەوەو ناگەڕێتەوە " ناکرێ ئاماژە بێت بۆ گەلی ئیسرائیل وەکو نەژاد ونەتەوەو ڕەگەزێکی دیاریکراو بەشێوەیەکی گشتی . وە ناکرێ ئاماژە بێت بۆ خۆشەویستی و لێبوردن یەکەم جار لەگەڵ دڵڕەقەکانی جولەکە بە درێژایی مێژوو پاشان ڕزگارکردنیان لە کۆتایی زەمانەدا .

أ. بەپێی ڕۆما ٩ هەڵبژاردنی خودایی بۆ گەلی ئیسرائیلی سروشتی وەکو نەژاد و نەتەوەیەکی دیاریکراو واتای بژاردەی ڕزگاریی ناگەیەنێ . وە هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نایەت و پاشگەز نابێتەوە ئەمەش سروشتی خودایە ! بانگەوازی خودا ناگۆڕدرێت و پاشگەز نابێتەوە تاهەتایە . ئەو ئاماژە دەکات بۆ بانگەوازی نێوخۆیی و کردارەکی ڕزگاریی کەلەسەر هەڵبژاردنی جاویدانی بونیاد نراوە . ڕۆما ٨: ٢٨- ٣٠ ؛ ٩: ١١ .

ب. دیاری خودا ناگۆڕدرێ و پاشگەز بونەوەی نیە .

وە سروشتی دیاری خودا هەروەها ناگۆڕدرێ و پاشگەز بونەوەی نیە . ڕۆما ٩: ٤- ٥ .

ڕۆما ١١: ٣٢

پرسیاری ٦: چۆن دەبێت بڕوانرێتە یاخی بوونی هەموان و بەزەیی خودا بۆ هەموان .

تێبینیەکان .

لە ڕۆما ١١: ٣٢ دەخوێنینەوە کە دەفەرموێ " خودا هەمووانی لە گوێڕایەڵنەبوونداا بەندکرد، تاکو بەزەیی بە هەمووواندا بێتەوە " بڕوانە ڕۆما ٣: ٢٣ ؛ ڕۆما ٣: ١٠ ؛ ڕۆما ٥: ١٨ ؛ ڕۆما ١: ١٦- ١٧ ؛ ڕۆم ٣: ٢٤ ؛ ٥: ١٧- ١٨ .

ڕۆما ١١: ٣٣- ٣٦

پرسیاری ٧ : پۆڵس چی دەڵێت لە ستایش کردنەکەیدا ؟

ئای لە قوولّی دەولّەمەندی و دانایی و زانیاری خودا!
حوکمەکانی لە سەرووی تێگەیشتنەوەیە و
ڕێگاکانی لە سەرووی وردبوونەوەیە . کێ بیری یەزدانی زانی؟
یان کێ بووە ڕاوێژکاری ؟ کێ شتێکی پێ بەخشیوە تاکو پێی بدرێتەوە؟
چونکە هەموو شتەکان لە ئەوە و بەهۆی ئەوە و بۆ ئەوە.
هەتاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە! ئامین . ڕۆما ١١: ٣٣- ٣٦ پۆڵس
ستایش بەرز دەکاتەوە بۆ خوداوەند بە تێڕامان لە پلانی خودا بۆ
ڕزگاریی .

أ. پۆڵس بیر دەکاتەوە بەشێوەیەکی تایبەت لەوەی دەیڵێ لە ئایەتەکانی ٢٥-
٢٦ و ٣٠- ٣٢ .

ئەم ئایەتانە ڕاستیەك دەردەخات وەکو ئاڵوگۆڕێك لە نێوان ڕزگاریی
باوەڕداران لە نەتەوەکان و باوەڕدارانی جولەکە .

ب. پۆڵس دەزانێ وهەست دەکات و دانی پێدا دەنێت کە خودا سەرچاوەی
ڕزگارییە .

هەروەها بڕوانە ئیشایا ٤٣: ٧ ؛ کۆلۆسی ١: ١٦ .

<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیڕەوی بکە</u>. **پەیڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما 11: ١- 36 .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینواوە لەسەر دڵت.
(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان

پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 11: ١- 36 .

11: 1 : بزانە کە خودا پلانی خۆی بۆ ڕزگاریی دەستکاری ناکات و ڕەت ناکاتەوە ئەوەی ڕایگەیاندوە لە پەیمانی کۆندا ئەو باوەڕداران ڕزگار دەکات ئەوانەی سەر بە گەلی ئیسرائیلن بەشێوەی سروشتی وەکو نەتەوەو نەژاد هەروەها لە نەتەوەکانیش زیاد دەکات بۆ سەر ڕزگاربوان ئیدی بەم شێوەیە خودا سنوری گەلەکەی فراوان دەکات لە هەموو باوەڕداران لە نەتەوەکانی سەر زەوی !

١١: ٤ : باوەڕت هەبێت کە سەخت ترین و گەورەترین چەوسانەوە لە وڵاتەکەتدا بەرامبەر بە گەلی خودا چۆکیان پێ دانادات بۆ بت یان خودایەکی تر جگە لەو خودایەی کە خۆی ڕاگەیاندوە لە کتێبی پیرۆزدا !

١١: ٥- ٦ : نیعمەتی خودا هەموو ئەو هەوڵانە دوور دەخاتەوە کە خەڵکی دەیدەن بۆ ڕزگاربونیان بە کارکردن بە شەریعەت لەڕێگەی کاروکردەوە باشەکانی ئایینیەوە .

١١: ١١ : لەبیرت بێت کاتێ کۆمەڵێکی دیاریکراو دەکەون لە وڵاتەکەتدا بەشێوەی بەش بەش وە دوور دەکەونەوە لە خودا ئەو خودایەی خۆی ڕاگەیاندوە لە کتێبی پیرۆزدا ئیدی دەکرێ خودا ئەو دۆخە بەکار بهێنێ بۆ ڕزگارکردنی هەروەها بەشێکی تر و کۆمەڵێکی تر لە خەڵکی وڵاتەکەت!

١١: ١٤ : لە بری ئەوەی شوێنکەوتوانی جولەکەی باوەڕدار یان موسڵمان یان ئەو مەسیحیانەی بەناو مەسیحین یان هەر کۆمەڵێکی تر

ڕەتبکرێتەوە لە خەڵکی دەبێت مزگێنی ئینجیلیان بۆ ڕابگەیەنرێ و بە پێی ئەو هەواڵە خۆشە بژین بەشێوەیەك وا لە دوژمنان بکات ئیرەیی بەرن بە ئەو گۆڕانکاری و سەرنج ڕاکێشیە ، ئەوکات زۆر بایەخ دەدەن بە خوێندنەوەو گوێ دەگرن لە پەیامی خۆشی ئینجیلی عیسای مەسیح وکارکردن پێی .

١١: ١٨ : دەبێت باوەڕدارانی عیسای مەسیح لە نەتەوە ناجولەکەکان دڵخۆش نەبن بەوەی بەسەر جولەکەدا هاتوە ئەوانەی جیا بونەوە لە گەلی خودا بەهۆی بێباوەڕیان ، دەبێت لەیادیان بێت کە خودا سەرەتا پەیمانی بەست لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب ، ئەوانەی بە ڕەچەڵەك لەناخی ئەو گەلەوە هەڵقوڵاون .

١١: ٢٠ – ٢٣ : تەنها ڕێگە ئەوەئە کە مرۆڤ بتوانێ ببێتە بەشێك لە گەلی خودا باوەڕهێنانە بە عیسای مەسیح وە تاقە ڕێگە بۆ جیابونەوە لە گەلی خودا بێباوەڕیە بە عیسای مەسیح و ئەوەی تایبەتە بە عیسای مەسیح.

١١: ٢٤ : لەیادت بێت کە گەلی کتێب نزیکترە لە باوەڕ بە عیسا (مەسیا) وە ئەوان زیاتر ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ لای عیسا مەسیا .

١١: ٢٥ : دەبێت باوەڕداران نهێنی بەکارهێنانی جولەکە بۆ گەیاندنی پەیامی مزگێنی لەلایەن خوداوە بزانن بۆ نەتەوەکان ، وە ئەو هەروەها نەتەوەکانیش بەکار دەهێنێ بۆ گەیاندنی پەیامی ئینجیل بۆ جولەکە . لەکۆتاییدا ژمارەیەکی مەزن و زۆرو زەوەند لە خەڵکی دەبنە شوێنکەوتەی عیسای مەسیح .

١١: ٢٨ : لەیادت بێت کە ئەوانەی ئەمڕۆ دوژمنی تۆن ڕەنگە سبەی ببنە خۆشەویست و براو خوشکت بۆیە پێش وەخت حوکم مەدە بەسەر هیچ کەسێکدا بە پەلەو شپرزەیی !

١١: ٣٠ : لەیادت بێت کاتێ خودا بانگی کردیت بۆ ڕزگاریی عیسای مەسیح ئیدی ئەو بانگەوازەکەی ناگۆڕێ و لێی پاشگەز نابێتەوە ! وە

کاتێ خودا باوەڕو خۆشەویستی و هیوای پێت بەخشی ئەوە دیاریەکە و هەرگیز لێی پاشگەز نابێتەوە و لێتی وەرناگرێتەوە !

١١: ٣١- ٣٦ : لەیادت بێت کە هەموو مرۆڤێك دەشێ ڕزگاریی بێت هەرچەندە پێشتر یاخی بوەو لەناوچوو بوە و بێ هیوا بوە ! بۆیە شانازی مەکە یان لوتبەرزی مەکە ، بەڵکو ستایشی خودا بکەو شکۆمەندی بدە بە خودا چونکە ئەو سەرچاوەی ڕزگاریتە و ئامانجی خۆیەتی و هەر خۆی ئەو ئامانجەش دەهێنێتە دی !

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەوێ چەسپاو بم وبەردەوام بم لە باوەڕم ئەو کات ناترسم لە جیابونەوەم لە خودا و گەلەکەی .

ب. دەمەوێ هەروەها سوپاسی خودا بکەم چونکە سەرچاوەی ڕزگاریمەو هەر ئەو ڕزگارییەکەم و ئامانجەکەی دەهێنێتە دی !

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ١١: ١- ٣٦ .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما ١١: ١- ٣٦.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە یەرمیا ١، 2، 4 ، 10 . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : هێزی خودا : ئیشایا ٤١: ١٠ . ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : کۆیلەی بێکار هاتووە لە لۆقا ١٧: ٧- ١٠ وە نمونەی هەنجیری بێ بەر هاتووە لە لۆقا ١٣: ١- ٩ سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .